ژمارە : ٢٣٧٣ NO:

ڕێکەوت : ١٥ / ١١ / ٢٠٢١ کوردی ٢٧ DATE: ٢٠٢١ / ٣ / ٤

ڕێنمایی ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٢١)

﴿ ڕێنمایی دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ﴾

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦ ی ساڵی ٢٠٠٩)

بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

ماددەی یەکەم/ ئەرکەکانی دەستەی پشکنین:-

١. پشکنینی ئاسایی و لەناکاو بۆ گشت دام و دەزگاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان.
٢. دەست نیشان کردنی گشت سەرپێچی و کەم و کوڕییەکان لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ .
٣. لێکۆڵینەوە لە هەر بابەتێکی گوماناوی لە ڕێگای ڕاسپاردنی پشکێنەرێك یان پێك هێنانی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە بەپێی ماددەی (٥) برگە (٢ و ٣) لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧ ی ساڵی ٢٠٠٨) لەم تاوانانەی خوارەوە :-

أ. وون کردنی کەل و پەل و پێداویستی و چەك و تەقەمەنی تۆمارکراو لە ئەستۆی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.
ب. تاوانەکانی أختلاس و بەرتیل و دزی کردن و کڕین و فرۆشتنی کەل و پەل و پێداویستی و چەك و تەقەمەنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.
ت. زەرەر و زیان گەیاندن بە سامانی گوازراوە و نەگوازراوەی تۆمارکراو لەسەر ئەستۆی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.
پ. هەر تاوانێکی تر یان ڕەفتارێك کە ببێتە مایەی زەرەر گەیاندنی ماددی و مەعنەوی بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.
ج. لێکۆڵینەوە لە هەر سەرپێچییەکی دارایی کە لە لایەن ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەست نیشان دەکرێت.
ح. بەدواداچوونی پەڕاوی لێکۆڵینەوە و فەرمانی گرتن و ئازادکردن و هۆکارەکانی کەمتەرخەمی لە هەر بابەتێك ئەگەر هەبێت.
خ. بەدواداچوونی جێ بە جێ کردنی فەرمان و بەیان و ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ تایبەت بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ .

ماددەی دووەم:

بە مەبەستی ڕێکخستنی ئیش و کارەکان و هاندانی ئەفسەر و کارمەندانی دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و بەهێزکردن و بەدواداچوون و لێپێچینەوە لە هەر کەمتەرخەمیەك لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

- دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:-

ماددەی سێ یەم :

١. سەرۆکی دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەبێتە فەرماندەی ڕەوانەکردن بۆ ڕەوانەکردنی پەڕاوی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی تۆمەتباران بۆ دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەو تاوانانەی کە لە ماددەی یەکەم هاتووە سەبارەت بەو ئەنجومەنە لێکۆڵینەوانەی کە لە دەستەی پشکنین پێك دەهێنرێت.

٢. سەرۆکی دەستەی پشکنین دەسەڵاتی ڕەت کردنەوە و پەسەندکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی لێکولینەوە پێ دەدرێت لەو تاوانانەی کە لە دەستەی پشکنین ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی بۆ پێك هێنراوە.

٣. ئەگەر تۆمەتبار پلەی سەربازی (لیوا) بوو یان بەرێوەبەری گشتی بوو پێك هێنانی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆ دەبێت.

نوسینگەکانی دەستەی پشکنین لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان

ماددەی چوارەم /

١. نوسینگەی دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پێك دەهێنرێت لە هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەکی سەربەخۆ بە سەرۆکایەتی ئەفسەرێك کە پلەکەی لە (عمید) کەمتر نەبێت وە لە لایەن وەزیری ناوخۆ دەست نیشان دەکرێت بە پێشنیاری سەرۆکی دەستەی پشکنین.

٢. لە هەر نوسینگەیەکی پشکنین لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان چەند ئەفسەرێك لە لایەن سەرۆکی دەستەی پشکنین دەست نیشان دەکرێت بە پلەی پشکنەر ، کە پلەکەیان لە (رائد) کەمتر نەبێت وە پێویستە شارەزاییان هەبێت لە بوارە جیاجیاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ .

٣. ئەرك و دەسەڵاتەکانی نوسینگەکانی پشکنین سەر بە دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەر پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ لە لایەن سەرۆکی دەستە دیاری دەکرێت.

ماددەی پێنجەم/

پێویستە لەسەر بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان چەند ژوورێك تەرخان بکەن لە ناو بەرێوەبەرایەتی پۆلیس بۆ نوسینگەی دەستەی پشکنین و ئۆتۆمبێل و ستاف پێویستیان بۆ دابین بکەن.

ماددەی شەشەم /

پێویستە گشت بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هاوکاری دەستەی پشکنین و نوسینگەکانی بکەن لە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان و پێشکەش کردنی هاوکاری پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان .

NO :

ژمارە :

ڕێکەوت : / /

ماددەی حەفتەم /

١. نوسینگەکانی دەستەی پشکنین ڕاپۆرتی مانگانەی کار و چالاکیەکانی پێشکەش بە سەرۆکی دەستەی پشکنین دەکەن ، و ئەگەر پێویست بوو ڕاپۆرتی تایبەت پێشکەش دەکەن بۆ ئەو کەیسانەی کە بەپەلە و گرنگن.

٢. سەرۆکی دەستەی پشکنین ڕاپۆرتی مانگانەی کارو چالاکیەکانی دەستە و نوسینگەکانی پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکات ، و ڕاپۆرتی تایبەت لەو کەیسانەی کە تایبەت و گرنگن.

ماددەی هەشتەم /

سەرۆکی دەستەی پشکنین دەسەڵاتی ڕاگرتنی ئەفسەر تاکو پلەی (عەقید) یان کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی بۆ ماوەی (٧) حەفت ڕۆژ پێ دەدرێت ، وەك سزایەکی ڕێککاری (عقوبه أنضباطية) بەپێی ماددەکانی (٤٧ و ٤٨) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤ ی ساڵی ٢٠٠٨) لە کاتی ئەنجامدانی هەر تاوانێکی ریککاری.

ماددەی نۆیەم /

سەرۆکی دەستەی پشکنین دەسەڵاتی بانگهێشت کردنی هەر ئەفسەرێکی هەیە تاکو پلەی (عەمید داخل) و هەر کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو زانیاریانە و سکاڵایانەی دەگاتە دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوەخت.

ماددەی دەیەم /

١. گشت ئەو سکاڵایانەی کە لە ڕێگای هێڵی گەرمی (٤١٤)ی وەزارەتی ناوخۆ یان سیستمی ئەلیکترۆنی سکاڵا ڕەوانەی دەستەی پشکنین دەکری بە مەبەستی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی ڕێککاری پێویست بە پێی ئەم ڕێنماییە ئەگە ر سکالاً لەسەر هیزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت.

٢. ئەگەر بابەتی سکالاً لەسەر یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان هەبوو سەرۆکی دەستەی پشکنین بۆی هەیە ئەم سکاڵایە ڕەوانەی نوسینگەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی تایبەتمەند بکات بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .

٣. پێویستە نوسینگەی پشکنینی تایبەتمەند لە ئەنجامی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایانەی برگەی (٢)ی سەرەوە بە ڕاپۆرتی تایبەت ئاگاداری سەرۆکی دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بکات.

ماددەی پانزدەیەم /

پێویستە سەرۆکی دەستەی پشکنین بەشێك لەم دەسەلاتانە دابەزێنێت بۆ بەرپرسی نوسینگەکان.

ژمارە :
NO :

ڕێکەوت : / / ٢٧ کوردی
DATE: / /

ماددەی دوانزدەیەم/

١. ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

٢. کار بە هیچ فەرمانێک و ڕێنماییەک ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەک بۆ:

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان / بەهەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- وەزارەتی داد /ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان / بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە ، لەگەڵ ڕێزدا ....
- نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بەهەرموون بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- نوسینگەی بەڕێزان بریکاری وەزارەت / بەهەرموون بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان / بەهەرموون بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ / بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- نوسینگەی ب.گ.دیوان/ بەهەرموون بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- گشت بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ / بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- بەڕێوبەرایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخو / بەهەرموون بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- فەرمانگەی یاسایی ، ب.هەماهەنگی و بەداواچوون/ بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- خولاو.